
# ئیدارەی سلێمانی بڕیاری خۆی جێبەجێ ناکات

حکومەتی هەرێم ـ ئیدارەی سلێمانی بری ( ٥٠) هەزار دینار وەك دەرماڵەی مەترسی بۆ شۆفێری دام و دەزگانی دەکاتە بریارو جێبە جێی ناکات . پاش ئەوەی بە بریاری ژمارە ( ٧٧٥٧) لە (٢٠٠٥/٦/٥)وەزارەتی دارایی و ئابوری بری جۆراو جۆری دەرماڵە بۆ شۆفێرەکان بریار دەدات ، کە بریتیە لە ( ١٠٠) هەزار دینار بۆ شۆفێری وەزیر و (٧٥) هەزار بۆ شۆفێری بریکارو بەرێوە گشتیەکان و ( ٥٠) هەزار بۆ شۆفێرەکانی تری حکومەت . رۆژی ٢٠٠٥/١٠/٥ بە بریاری ژمارە ( ١٥٦٥٩) جارێکی تر و بەدەر لە برگەکانی خاڵی (١) ی بریاری پێشوو بری ( ٥٠) هەزار دیناروەك دەرماڵەی مەترسی بۆ شۆفێرەکان دەردەکات ، بەڵام جێبە جێی ناکات . لەو بارەیەوە ژمارەیەك لە شۆفێرەکانی دام و دەزگاو بەرێوەبەرایەتیەکانی حکومەت چەند جارێك یاداشتیان بەرزکردۆتەوە داوای ئەو برە بریار لێدراوەیان کردوە ، بەڵام تاکو ئێستا وەڵامی دروستیان وەرنەگرتوە . شۆفێرێك کە نەیویست ناوی خۆی و فەرمانگەکەی ئاشکرا بکات وتی: هەرچی داوای جێبە جێ کردنی ئەو بریارە دەکەین بەر پرسان دەڵێن تەنها بریاری ( ٧٧٥٧)مان بەدەست گەیشتوە .شۆفێرێکی تریش وتی : تاکو ئێستا دوو جار یاداشتمان بەرز کردۆتەوە ، بەڵام وەڵامیان نەداینەوە .

جێی ئاماژەیە بریاری ژمارە(١٥٦٥٩)کە لە (٢٠٠٥/١٠/٥) دەرچوە بەرونی ئاماژە بە بری (٥٠) هەزار دینار دەکات وەك دەرماڵەی مەترسی بەدەر لە برگەکانی خاڵی (١) ی رێنماییەکانی بریاری (٧٧٥٧).




# موچەی بێکاران بوو بەبریاری حکومەت

**سالارعەبدوڵڵا/سلێمانی** : بەبریارێکی حکومەتی عێراقی پتر لە (٦٠) هەزار خێزانی بێکار بیمەی بێکاری وەردەگرن. لەو بارەیەوە سەرچاوەیەکی بەر پرس لە سەندیکای کرێکاران بە رۆژنامەی راگەیاند: بریارێك لە وەزارەتی کارو کارو بتری کۆمەلایەتی بەغداد دەرچوە بە دابین کردنی بیمەیەك بۆ بێکاران، هەروەها وتی: ئەو بیمەیە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەداهاتی رۆژانەیان لە (١)دۆلار کەمترەو تەمەنیان لە نێوان ( ١٨ـ٥٠)ساڵە،بەمەرجێك هیچ کام لەخانو و زەوی و ئۆتۆمبێلی بەناوەوە نەبێت و ئامادەبێت لە هەر کاتێدا کاری بۆ بدۆزرێتەوە لەگەڵ تواناو بروانەمەکەیدا بگونجێت وەریبگرێت. سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کەبری پارەی دیاری کراو (٥٠)هەزار دینارە بۆ سەرۆك خێزان و هەرمنداڵێکیش بری (١٠) هەزاری بۆ خەرج دەکرێت .

## سەنتەری پەنا

## بۆ لابردنی توندو تیژی لەسەر ژنان و پێشانگایەکی کاریکاتێر لەسەر گەندەڵی




رۆژی سێشەممە ٢٠٠٦/٣/٣ سەنتەری پەنا بۆ لابردنی توندو تیژی لەسەر ژنان، بەهاوکاری رێکخراوی I.C.S.P دووپێشانگای کاریکاتێری لەسەر دیاردەی گەندەڵی کردەوە.

پێشانگای یەکەم لەشاری کەرکوك، لەهۆڵی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانـ لقی کەرکوك کرایەوە، پێشانگای دووەم لەشارۆچکەی داقوق کرایەوە، ئەم پێشانگا کاریکاتێریە تایبەت بوو بەدیاردەی گەندەڵی لەعێراقدا، کەئێستا گەندەڵی دیاردەیەکی گەورەو بەرچاوی عێراقە، کەکاریکاتێرەکان جێگەی سەرنجی تەماشەکەرانی پێشانگاکە بوو، دواتر سەرجەم کاریکاتێرەکان لەلایەن سەنتەری ناوبراوەوە دەکرێتە کتێبێك و بلاو دەکرێتەوە، لەقۆناغی دووەمی پرۆژەکەدا لەشارۆچکەکانی پردێ و دبس و لەیلان و قەرەهەنجیر دووبارە دەبێتەوەو لەهەر یەك لەو شوێنانە بۆ ماوەی پێنج رۆژ نمایش دەکرێت

# زیاتر لە ١٥٠٠ خانەوادەی کەلار لەخزمەتگوزاری بێبەشن

**کەلار: ماجید سلێمان:** گەڕەکی (کۆڵە جۆیەکان) لەشاری کەلار بێبەشن لەهەموو خزمەتگوزاریەك، کەزیاتر لە(١٥٠٠) بێبەشن لەهەموو خزمەتگوزارییەك بێبەشە، کەزیاتر لە١٥٠٠ ماڵ لەخانووی بێتاپۆدا دەژین.

هەرچەندە بەر لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١٢/١٥ی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم/ ئیدارەی سلێمانی بڕیاری تاپۆکردنی ئەو خانوانەی دەرکرد، بەڵام تاکو ئێستا ئەو بڕیارە تەنها نووسینەو نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەو بارەیەوە(حاجی محەمەد)کەدانیشتووی ئەو گەڕەکەیە وتی: بەکارئاسانی مەڵبەندی(١١) سەردانی (عومەر فەتاح)ی سەرۆکی حکومەتمان کرد، کەنزیکەی(٤٠)کەس لەدانیشتوانی گەڕەك دەبووین و وزیاتر لەیەك کاتژمێر گفتو گۆمان لەگەڵدا کرد، لەو دانیشتنەدا سەرۆك وەزیران وتی: (من خۆم دەبم بەپارێزەرتان لەئەنجومەنی وەزیران)، هەر بۆیە رۆژی دواتر بڕیاری تاپۆکردنی خانووەکانمان دەرچوو، بەڵام ئەوە زیاتر لەمانگێك تێپەڕی و هیچمان بۆ نەکراوە، (عەباسی مەلا مەجید) کەهاوڵاتیەکی گەڕەکەکەیە وتی: ئەمە کەی ژیانە لەم گەڕەکەدا ، نەخوێندنگایەك هەیە، نە ئاوی خوارنەوە، تەنانەت کارەباشمان جیاوازە لەگەڕەکەکانی تر، هەروەها ووتی: ئەگەر بتەوێت ژورێکی زیاتر دروست بکەیت، ئەوا شارەوانی دێت و دەیروخێنێت. بریکاری خۆراکی ئەو گەڕەکە بەناوی (حەمزە تۆفیق) بڕوای نییە حکومەت هیچان بۆ بکات و دەڵێت لەکاتێکدا حکومەت خۆی بڕیار دەردەکات و خۆشی پاشگەز بۆتەوە، ئیتر نابێت بەتەمای خزمەتگوزاریش بین، چونکە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وتبووی پاش تاپۆکردن خزمەتگوزاریتانە بۆ دابین دەکەین، دواجار (سەلام عەلی)سەرۆکی شارەوانی کەلار لەلێدوانێکدا سەبارەت بەو بڕیارەی حکومەت بۆ گەڕەکی کۆڵەجۆییەکان وتی: هیچ رێنماییەکی بۆ نەهاتووە، بۆیە تاکو ئێستا ئەو بڕیارەیان بەهەڵواسراوەیی ماوەتەوە.

# هاوڵاتیانی کانی سپیکە هێرش دەکەنە سەر خاوەن مولیدەکان


**سلێمانی/ ناسك** بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییە حکومییەکان لەگەڕەکی کانی سپیکەی شاری سلێمانی، کەدانیشتوانەی زیاتر لە(١٢) هەزار کەس دەبێت، جارێکی تر وەك ساڵانی نەوەدەکان ژمارەیەك مولیدە لەو گەڕەکەدا دانراوە، بەنرخی (٧٥٠٠)دینار بۆ هەر ئەمپێرێك هێڵ دەدەن بەماڵان، بەهۆی پچڕانی تەزووی کارەبای هێڵەکان لەشەودا، هەموو مانگێك نزیکەی دە شەو تەزووی کارەبایان نییە، بەڵام ئەبێت سەری مانگ کرێی تەواو بدەن بەخاوەن مولیدەکان، هاوڵاتیانی ئەو گەڕەکە لە ٢٠٠٦/١/٢٠دا هێرش دەکەنە سەر یەکێك لەمولیدەکان، لەئاکامدا شەڕ دەکەوێتە نێوان خاوەنی مولیدەو هاوڵاتیان، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتەوە.

## وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری

# چالاکیەکانی هەردوو رێکخراوی N.D.I, I.C.S.P قەدەغە دەکات

بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری ژمارە ٥٨ لەبەرواری ٢٠٠٦/١/٥، داوای لەگشت رێکخراوە ناحکومییەکان کردووە بەهیچ جۆرێك کارو مامەڵە لەگەڵ ئەو دوو رێکخراوەدا نەکەن، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی ئەم دوو رێکخراوە مۆڵەتی رەسمیان لەلایەن حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە، لەبەر ئەوە بەنارەسمی ئەژمار کراون، لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەرپرسی ئۆفیسی رێکخراوی I.C.S.P کەبەرێکخراوی بەرنامەی کۆمەڵی مەدەنی عێراقی ناسراوە، پێی راگەیاندین، کەرێکخراوەکەیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مۆڵەتی رەسمی هەیەو خاوەنی چوار ئۆفیسی سەرەکییە لەبەغداد و بەسرەو حلەو هەولێر، کەئۆفیسی هەولێریان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان/ هەولێر مۆڵەتی کارکردنی داوەتی و ماوەیەکی باشە لەهەموو پارێزگاکانی هەرێم کاردەکەن و هیچ گرفتێکیان نەبووە، هەر لەو پەیوەندییەدا ناوبراو ئەوەی روون کردەوە کەئەم نووسراوە بۆ ئەوان جێگەی سەرسوڕمانە.

هەردوو رێکخراوی ناوبراو، دوو رێکخراوی نێونەتەوین ماوەی چەند ساڵێکە لەکوردستان کار دەکەن و هاوکاری ماددی و تەکنیکی و گۆڕینەوەی زانیاری بەرێکخراوەکان پێشکەش دەکەن، ئەمە جگە لەڕێگەی پرۆژەکانیانەوە هاوکاری ماددی پێشکەش بەو رێکخراوانە دەکەن، لێپرسراوی ئۆفیسی رێکخراوی I.C.S.P ئەوەی بەرۆژنامە گوت، کەهاوکاریەکانی ئەوان بێمەرجە، تەنها ئەو مەرجانە نەبێت کەلە پرۆرژەکەدا هاتووە، کەئەبێت ئەو بڕە پارەیەی وەردەگیرێت تەنها لەچوارچێوەی ئەو پرۆژانەدا خەرج بکرێن، کەرێکخراوەکان پێشکەشی ئێمەی دەکەن.



Kurdistan Regional Government
Ministry of Relations & Cooperation
حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەکان
ڕێکخراوەکان

ژمارە : ٥٨
رۆژ: ٥/١/٢٠٠٦

بۆ / گشت وەزارەتەکان
دەزگای کارەبا
دەزگای گەشت وگوزار
دەزگای فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی
سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی
دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی کوردستان
دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتیەکان
دەزگای هاندانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان

بابەت / ئاگاداری

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی هەرێم ژمارە (٤٥٨٤ /١٨٦٦٠) لە ٢٠٠٥/١٢/٢٢
داواکارین لە بەڕێزتان کە هیچ جۆرە کارو مامەڵەیەك لەگەڵ ئەو دوو ڕێکخراوەی لای خوارەوە ناویان هاتووە ئەنجام نەدرێت لەبەرئەوەی مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا نیە.
لەگەڵ ڕێزدا ..

١. شبكة عين لمراقبة الانتخابات / تابع لمنظمة ( NDI ).
٢. مركز تنمية المجتمع المدنى ويسمى احيانا بمركز المجتمع المدنى العراقى (ICSP)/ تابع لمنظمة ( ADF ).

جمال میرزا عزیز
بریکاری وەزارەت

وێنەیەك بۆ :
❖ پارێزگای سلێمانی /بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی سەرجەم قەزاو ناحیەکان / لەگەڵ ڕێزدا.
❖ نوسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / لەگەڵ ڕێزدا .

# شەری نێوان موسڵمان و یەزیدی لە سلێمانی

**سلێمانی میر:** لە کۆمپانیای (تەپە) شەڕێك لە نێوان موسڵمان و یەزیدی رودەدات. رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٧ لە کاتێکدا کرێکارێکی موسڵمانی خەڵکی کەرکوك پێی هەڵدەکەوێت و بەردەبێتەوەی دەڵێت(شەیتان بە لەعنەت بیت) هاوکات ژمارەیەك کرێکاری یەزیدی کەلەهەمان کۆمپانیادا کار دەکەن گوێیان لێدەبێت و نیگەران دەبن، بەڵام تەنیابە نیگەرانی کۆتایی نایەت و پێج کرێکاری یەزیدی پەلاماری موسڵمانەکە دەدەن و دەبێتە شەر لەنێوان دوو لایەنی ئایینی و کرێکارە کەرکوکیە موسڵمانەکە بریندار دەکەن. لەهەمان کاتدا ئاسایشەکانی کۆمپانیاکە تەنها ناو بژیوانی دەکەن و یەکێك لەناوبژیوانانیش کەبەرەگەز عەرەبە بریندار دەکرێت. جێی ئاماژەیە کۆمپانیای(تەپە) کۆمپانیایەکی تورکیەو کاری بیناسازی ئەنجام دەدەن لەزانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

# دوکانێك لە کارێزە دەسوتێت

پ/سلێمانی سەرلەبەیانی رۆژی ١٧/١/٢٠٠٦ لەگەرەکی کارێزە وشکی شاری سلێمانی دوکانی هاوڵاتی (سیروان قادر میرئاوایی) گری گرت و بوە هۆی سوتانی کەلو پەلی ناو دوکانەکەی کە مەزەندە کرا بە بری ( ٣٠)هەزار دۆلار زیان و لەکاتی پێویستدا تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە گەیشتنە شوێنی روداوەکەو کۆنترۆڵیان کرد. دوکانی ناوبرا تایبەت بو بە پێداویستیەکانی رازاندنەوەی ئۆتۆمبێل. جێی ئاماژەیە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە (٦) ملیۆن دینار وەك قەرەبوو درایەوە بە خاوەن دوکان.

## دەڵێن

له زمانی خەڵکەوە

*پارەی (٢٨٦)پرۆژە وەرگیراوەو هیچیشی دیار نیە لە سنوری ئیدارەی سلێمانی .

*یەکێتی و پارتی (٦٠)هەزار ئەندامی مووچە خۆریان هەیە لە شاری بەغداد ، بەڵام (٢٥)هەزار دەنگیان هێناوە.

*هەموو وەزارەتێکی حکومەتی یەکگرتووی هەرێم راوێژکارێکی ئەمریکی دەبێت .(قور بەسەر وەزیرەکان).

*بەیان کچی سامی عەبدولرەحمان دەبێت بە بەرپرسی نوسینگەی پەیوەندیە دەرەکییەکانی هەرێم(وەزارەتی دەرەوە).

*دکتۆر کەمالی سەید قادر پاشگەز بۆتەوە لەهەموو ئەو تۆمەتانەی کە لەسەری زیندانی کراوە.

*(٤٢)ملیار دیناری سویسری بێسەرو شوێنە لە ئیدارەی سلێمانی بۆیە وەزارەتی دارایی بۆ ساڵێکی تریش یەکناگرێتەوە.

*هەردو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی رێگرن لە بەردەم هاتنی لیژنەی نەزاهە بۆ کوردستان .

*سەدان پارچە زەوی بەناوی زیندانی سیاسیەوە دابەشکراوە بەسەر ژمارەیك کەسدا کەلە ژیانیاندا بۆ چرکەیەك زیندانی نەکراون .

*گردەکەی بەرانبەر ( )فرۆشراوە بە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی هاوسەری سەرۆك کۆمار.

*رۆژی ٢٠٠٦/١/١٦ کۆمەڵێك ئامێرو کەلوپەلی چاپەمەنی لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم ـسلێمانی فرۆشراوە بە (بەکر فەتاح )ی برای سەرۆکی حکومەت و رۆژی ١/١٧ ژمارەیەك تەندەر بۆ هەمان مەبەست فرۆشراوە .

*نوسینگەی سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی فەرمی داکۆکی لە(د.زیاد قەتتان) دەکات کەراوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقەو تۆمەتبارە بەگەندەڵی لەلایەن لیژنەی نەزاهەوە .

* کارگوزەرەکانی بنکەی تەندروستی عەلی کەمال وەك دکتۆرەکان مامەڵە دەکەن و یەك لەسەر یەك پرسیار لە نەخۆشەکان دەکەن، چیتە... وەرە لای خۆم دانیشتە دەتکەمە شوورەوە.

# ٣٠٠٠پاوەن دەدرێتە هەر پەناهەندەیەکی کوردی

## عێراق دانیشتوی لەندەن بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە

کارگێڕی شاری لەندەن رایگەیاند کەبڕی ٣٠٠٠پاوەند بداتە هەر کوردێك، کەبیەوێت بۆ هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە.

پێشتر حکومەتی بەریتانیاهەوڵی ئەوەی دابوو ژمارەیەکی زۆر لەپەناهەندەی کورد بۆ وڵاتەکەیان بنێرێتەوە، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان وای دانا کە هێشتا عێراق لەرووی ئارامییەوە یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی بۆ بگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی ئارام نییە. کەتەنها هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئارامن و شوێنەکانی تر پڕیەتی لەپشێوی.

ئایا ئەم هەوڵەی حکومەتی بەریتانیا بۆ گەڕاندنەوەی پەناهەندەکان سەردەگرێت و پەناهەندەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە؟.

# کوڕێك لەهەڵەبجە خۆی دەسوتێنێت

**هەڵەبجە قەیسەر:** بەهۆی کێشەی لەگەڵ براکەیدا فارس جەمیلی تەمەن ١٥ ساڵ خۆی سووتاند.

لەرۆژی ٢٢/١/٢٠٠٦ لەکاتژمێر ٨,٤٥ی ئێوارە فارس جەمیلی ١٥ ساڵە خۆی دەسوتێنێت، لەرۆژی ٢٥/١/٢٠٠٦ لەنەخۆشخانە گیانی لەدەست دەدات، ئەم رووداوەش بەپێی سەرچاوەی هەواڵەکانمان، بەهۆی کێشەی نێوان خۆی براکەیەوە بووە، کەدواجار لەداخی ئەوەی براکەی لێیداوە خۆی سووتاندوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com